# پەیڤەکانی سەعدی لە لەندەن پێشکەش دەکرێن



**رۆژانی** یەکشەممەو دووشەممەی هەفتەی رابردوو هۆڵی کادۆگانی شاری لەندەن بە دەنگ و ئاوازی شەجەریان، گۆرانیبێژی ناوداری ئێرانی رازایەوە.

لە هۆڵی کادوگانی شاری لەندەن دا کۆنسێرتی ناوداران بەڕێوەدەچی، بەڵام دەگمەنن ئەو کۆنسێرتانەی کە دوو ڕۆژ بەردەوام دەبن، کەچی کۆنسێرتەکەی شەجەریان کە بە هاوڕێیەتی هومایۆنی کوڕی بوو، دوو شەو بەدوای یەکدا پێشکەش کراو پڕاوپڕ لە میوان بوو.

شەوی یەکەمی کۆنسێرەتەکە جێگەی وەستان نەمابوو، بەڵام شەوی دووەم ٩٠٠ کەس ئامادەببوون کە ئەمەش بە پێوانە لەگەڵ ژمارەی ئامادەبووانی کۆنسێرتەکانی هونەرمەندانی دیکە یەکجار بەرزە، دەگمەن هەڵدەکەوێ کە نۆسەد کەس بۆ گوێگرتن لە دەنگ و ئاوازی هونەرمەندێکی جیهانی لە هۆڵێ کادوگان کۆببنەوە.

کۆنسێرتەکە بەناوی ( قسەکانی سەعدی) بوو، بەشێک لە هۆنراوەکانی سەعدی شیرازی لەو کۆنسێرتەدا پێشکەش کران.

لە کۆنسێرتەکەدا هەندێجار شەجەریان و کوڕەکەی بەیەکەوە دەیانخوێند، هەندێجاریش بەیتەکانیان بۆیەکتری تەواو دەکرد، ئەو شێوازەش دیمەنێکی دڵگیرو سەرنجراکێشی بە کۆنسێرتەکە بەخشی بوو. جێگەی شادمانی هەمووان بوو، بەڵام لە بڕگەکانی کۆتایی کۆنسێرتەکەدا ئەو سێ مۆزیکژەنەی مۆزیکیان دەژەنی، هاوشانی باوک و کوڕ گۆرانیەکانیان دەگوتەوە.

هونەرمەند محەمەد ڕەزا شەجەریان شەشت و شەش ساڵ لەمەوبەر لە شاری مەشهەد لە دایک بووە، دەنگێکی تایبەت و خۆشی هەیە، بە مامۆستای ئاوازی ئێرانی ناوبانگی دەکردووە، چل ساڵ لەمەوبەر هونەری مۆزیکژەنین فێربووە. هەمایۆنی کوڕی تەمەنی ٣٢ ساڵە، لەبەردەستی باوکی هونەری مۆزیکی خوێندووە و پێگەیشتووە .

# کەسێک دەستدرێژی لە ٥٧٠ کچ دەکات



بەگوێرەی زانیاریەکان وەزارەتی ناوەخۆی سوریا ئاشکرای کردووە کە لەماوەی ١٧ ساڵدا پیاوێک ٥٧٠ کچی هەڵخەڵەتاندووەو دەستدرێژی لێکردوون.

پیاوێکی سوری پێگە و کەسایەتی بنەماڵەکەی خۆی بۆ فریودانی کچان دەکارکردووە، لە ماوەی ١٧ ساڵی رابردوودا لە شاری **حمس** دا توانیویەتی دەستدرێژی سێکسی لە ٥٧٠ کچ بکات .

تاوانبار کە بە گورگی کچان ناسراوە ئەو کچانەی فریوداوە، باسی خۆشەویستی و زەماوەندی بۆ کردوون، نێچیرەکانی بۆ ماڵەکەی خۆی کە لەدەرەوەی شاردایە بانگهێشت کردووون، لەوێ دەستدرێژی کردۆتە سەریان و بە ڤیدیۆ وێنەی گرتوون، بەوهۆیەوە قوربانیەکان نەیانوێراوە کێشەکانیان بۆ دیتران بگێڕنەوە.

دوای ئەوەی قوربانییێک نامەیەک بۆ وەزیری ناوەخۆی وڵاتی سوریا دەنێرێ و چیرۆکی خۆی بۆ دەنووسێ، پۆلیس شوێن پێی ئەو کەسە هەڵدەگرنەوە، لە ناکاودا پەلاماری کێڵگەکەی دەدەن، لەوکاتەی کە نێچیرێکی دیکە لە داو خستبوو دەستگیر دەکرێ، ٥٧٠ فیلم لە ماڵەکەیدا دەدرۆزرێتەوە کە هەمووی لە قوربانیەکاندا هەڵگیراونەتەوە، ئیدی تاوانبار ناتوانێ نکۆڵی بکات و دان بە تاوانەکانیدا دەنێ.

تاوانبار بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە دەوڵەمەندی و ئ پێگەی بەرچاوی بنەماڵەکەی بۆ فریودانی کچان بەکارهێناوە، بابەتی خوازبێنی و زەماوەندی لەگەڵدا کردوونەتەوە، دواتر بانگهێشتی کردوون، بە هاودەستی یەکێکی دیکە لە کاتی دەستدرێژیکردندا وێنەی گرتوون، خۆیشی دانی بەوە داناوە کە تەنیا بۆ مەبەستی گاڵتەپێکردن و بازرگانیکردن ئەو تاوانانەی ئەنجام داوە.

تاوانبار بۆ خۆی ئاشکرای کردووە کە لەم دواییانەدا دووچاری چاوبرسێتی سێکسی بۆتەوەو هەوڵی داوە زۆرترین کچ لە داوبخات ، نیازی هەبووە لە دوارۆژدا دوکانێکی ڤیدیۆیی بکاتەوەو فیلمەکان بفرۆشی یان لەسەر تۆری ئینتەرنێت بلاویان بکاتەوە .

# منداڵێکی چوار ساڵە دایکی خۆی لە مردن رزگار دەکا

**ئاسیوشیتدپرێس:** منداڵیکی چوار ساڵە چونکە فێرکرابوو چۆم پەیوەندی بە ژمارە ٩١١ەوە بکات دایکی خۆی لە مردن رزگار کرد.

منداڵێکی چوار ساڵە بە ناوی تۆنی شارپێ کە ماڵەکەیان لە جەمسەری باکور لە ئالاسکایە کاتێ دەبینێ دایکی لە هۆش خۆی دەچێ تەلەفۆن بۆ بنکەی ئاگرکوژێنەوە دەکات و داوای کۆمەکی لێدەکات.

تۆنی لە ڕێگەی داپیریەوە فێرکرابوو لە کاتی ڕووداوی ترسناک تەلەفۆن بۆ ژمارە ٩١١ بکات و ڕووداوەکەیان پێ بڵێ . کاتێک تۆنی دەبینێ دایکی بووراوەتەوە یەکسەرپەنا بۆ تەلەفۆن دەبات و ژمارە ٩١١ لێدەدات و دەڵێ :" دایکم نەخۆشە و پێویستی بە ئامبولانس هەیە، ئەو لەهۆش خۆی چووە ، ئایا تۆ دەتوانی ئاگاداری ئامبولانس بکەیەوە !! ئەگەر باوکم بێتەوە دەزانێ چی بەسەر دایکم هاتووە" دواتر وەسفی بیناکە دەکات و دەڵێ : ماڵەکەمان لە بینایەیەکی سپییە، سەربانەکەی ڕەنگی شینە" کاتێ فەرمانبەرانی ئاگرکوژێنەوە دەگەنە شوێنەکە دەبینن دایکی منداڵەکە بووراوەتەوەو لەسەر زەوی کەوتووە و بە ئاستەم هەناسە دەدات.

دوای چاک بوونەوە، ژنەکە بە ڕۆژنامەوانانی گوتووە: منداڵەکەم فێرکرابوو چۆن لە کاتی تەنگانەدا پەیوەندی بە ٩١١ ەوە بکات، زۆر جاران لەو بارەیەوە ڕاهێنانی پێکرابوو، بەوهۆیەوە لە کاتی تەنگانەدا فریام کەوتوو لە مردن ڕزگاری کردم .




**حکومەتی** هەرێمی کوردستان سەد هەزار دۆلاری لە ڤیستڤاڵی بەدرخان سەرفکرد، بەڵام لەوێ ئاڵای کوردستان فڕێدرایە خوارەوەو ڕۆژنامەوان و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ورتەیان لێوەنەهات .

**دەستەڵات** دەبێ لە گەرمەی ڕووداوەکاندا هەڵوێستی خۆی دیار بکات، بەڵام لە کوردستان تاوانەکان ئەنجام دەدرێن، ڕووداوەکان تێپەڕدەبن و دەستەڵاتداران خۆیان بێدەنگ دەکەن، ئەگەر جەماوەر یان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن وەدەنگ هاتن ئەوسا دەستەڵات سەرچۆپی دەگرێ و خۆی بە پارێزەری تاوانلێراوان دەزانێ، نموونەش کێشەی دوعا و بلۆکبارانکردنی بوو ! کە دوای ٢٠ ڕۆژ ئەوسا بەدەنگ هات.

**دەڵێن** بۆ هێشتنەوەی ڕەوشی ئێستای کەرکوک دەیانەوێ بە گۆڕینی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی خەڵک خەریک بکەن، گوایە لە بەغداد پۆستێکی دیکە بە پارێزگار پێدەدرێ و کوردێکی دیکەش جێگەی پارێزگار دەگرێتەوە، عەرەبێکیش پۆستی سەرۆکی شارەوانی و تورکمانێکیش پۆستی گەورەتری پێدەدرێ و ریفراندۆم لە بیر کەرکوکیەکان دەبەنەوە !

**بەرپرسێک** گوتبووی : بۆ ئەوەی کێشەو قەیرانەکانی ڕۆژانە لەبیر جەماوەر بچێتەوە دەبێ هەرناوە ناوە لێدوانێکی نیشتمانپەروەرانە بدرێ ، بەرپرسێکی دیکەش گوتبووی : من باوەڕم بە دروشم و لێدوانی بریقەدار نیە، کار بۆ تێرکردنی گەل دەکەم، کوردێکیش گوتبووی : با ئەوان ئاوڕێک لە هەژاران و نەداران بدەنەوە و چیتر کۆمپانیا و باڵاخانەو شاری جۆراوجۆر دروست نەکەن !!

**بینا** بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دروست دەکرێ و بە ملیۆنان دۆلاری لێ سەرف دەکرێ، بەڵام ئایا ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی کەرکوک بە بینا دەکرێ یان بە نیازی پاک و کارکردنی ڕاستوێژانە و دڵسۆزانە ؟!




سنوور عەزیز

## لافاوی باران و لافاوی شەقام

کاتێک بارانێکی بەخوڕ دەبارێ، لافاو هەڵدەستێ ، ڕووبارەکان ملاومل دێن، هەرچی بکەوێتە سەر ڕێگەیان ڕای دەماڵن. لافاو شوێن پەنجەی خۆی جێدەهێڵێ ، زیان لێکەوتووان دەبێ وەخۆ بکەون و ئاودڕ و تلیش و قڵیشەکان پڕ بکەنەوە.

کاتێک کارەساتێکی جەرگبڕ ڕوودەدات، تاوانێکی گەورە ئەنجام دەدرێ، قەیرانێکی مەزن بەرۆکی جەماوەر دەگرێ، شەقام تەکان دەداو لافاو هەڵدەستێ. لافاوی باران و لافاوی شەقام وەکو یەکن، لافاوی باران ئەوەی بکەوێتە سەر ڕێگەی ڕایدەماڵێ و زیانی لێدەدات، بەڵام لافاوی شەقام داوای چارەسەرکردنی ئەو تلیشانەی کە حکومەت، ڕێکخراو، بەرپرسەکان، کارەسات و تاوانەکان دژ بە جەماوەر و ڕای گشتی ئەنجامیان داوە، دەکات.

لافاوی شەقامی کوردەواری تەواو پێچەوانەی لافاوی شەقامی دیترانە. شەڕی نێوەخۆ هەڵگیرسا، خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد، کەس وەڵامی نەدانەوە، کەچی بە خشکەیی کەف و کوڵی دامرکایەوە!!

دەست بەسەر قووتی خەڵک داگیرا، لافاوی شەقامی کوردستان هەڵسا و گوێشی لێ نەگیرا، حزب و بەرپرسەکان کەندوەکانی خۆیان تژی کرد و کەندووی خەڵکیشیان بەتاڵ کردووەوە کەچی خۆ بەخۆ نیشتەوە!

عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری **پەکەکە** لە گەلەکۆمەکی نێودەوڵەتیدا ڕفێنرا و ڕادەستی تورک کرایەوە، شەقام خرۆشا، کەس ئاوڕی لێنەدایەوە و لەجێگەی خۆی خامۆش بۆوە!

ڕژێم هەرەسی هێنا، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی ئازاد کران، شەقام هاواری لێهەڵساو گوتی: نابێ تاڵان بکرێن و دەبێ بگێڕدرێنەوە، کەس تەماشاشی نەکردین، هەموویان تاڵان کران و شەقام نقەی لێوە نەهاتەوە!!

هەڵبژاردن و دەستوور هێنرایە ڕۆژەڤەوە، شەقام ملاومل هات و داوای کرد کە بە عێراقیمان مەکەنەوە، دوو ملیۆن ئیمزا بۆ سەربەخۆیی کۆکرایەوە، سەرکردەکان خۆیان نەبان کرد و شەقام نیشتەوەو لە داخوازیەکانی خۆی نە پێچایەوە!

کارەبا وردە وردە کەم کرایەوە، نرخی سووتەمەنی لەهیکەوە بەرز بۆوە، کرێی خانوو فڕی و زەویەکانی شارەوانی بەسەر ئەندامانی حزبەکان دابەش کران، شەقام جوڵا و داوای چارەسەرکردنی قەیرانەکانی کرد، کەچی تنۆکێک لە قەیرانەکان چارەسەر نەکران و خەڵکیش بێدەنگیان هەڵبژاردو بۆ ماڵەکانی خۆیان گەڕانەوە.

دادگەی بەعسیە تاوانبارەکان دەستی پێکرد، شەقام هاواری کرد کە دەبێ دۆسیەی ئەنفال و شەڕی جینۆسایدی کورد بخرێتە پێشەوە، سەرکردەکان بەڵێنیان داو جێبەجێشیان نەکرد، سەدام لەسەر ١٤٨ کەس هەڵواسراو دۆزی ١٨٢ هەزار ئەنفالکراو پشتگوێ خرا، کەچی شەقام عادەتی گرت و خۆی بۆ هەڵواسینی کیمیاوی ئامادەکرد!

**دوعا** لە ٧ی نیسان، لە ساڵیادی دامەزراندی حزبی بەعس دا بەردباران کرا، مەرگی لێسەندرایەوە، شەقام خرۆشا و پڕ بە گەرووی هاواری کرد کە تاوانێکی دڕندانە دژ بە کیژۆڵەیەکی ١٧ ساڵان لە ناو شارێکی کوردستاندا، بەبەرچاوی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسەوە ئەنجامدراوە، دەبێ تاوانبارن بگیرێن و ڕادەستی دادگە بکرێن، ئەوسا حزبە دەستەڵاتدارەکان و حکومەت لە ٢٨ی نیسان، لە ساڵرۆژی لەدایک بوونی سەدام حوسێن دا هەڵوێستیان پێشاندا و کوشتنەکەیان ئیدانە کرد،

ئەگەر بمانەوێ لافاوی شەقام کاریگەری خۆی هەبێ و شوێنەواری خۆی لەبەرچاوان بهێڵێتەوە، دەبێ چیتر بێدەنگ نەبین و چیتریش بە قسە بریقەداری بەرپرسەکانەوە فریو نەخۆین و لافاوەکانی شەقام خامۆش نەکەینەوە.

# پیاوێک بە گوێ فڕۆکە ڕادەکێشێ




**پیاوێک** فڕۆکەیەکی حەفت تۆنی بە گوێچکەکانی ڕادەکێشێ و جیهانیان سەرسام دەکات.

منجیت سینگ پیاوێکی توانامەندە لە پێشانگەیەکی ئاشکراوو کراوەدا لە فڕگەی میدلەندی شاری دەربی ئینگلتسان بە گوێچکەکانی فڕۆکەیەکی حەفت تۆنت ڕاکێشا.

شۆرت نیوز بڵاوی کردەوە کە سینگی تەمەن ٥٧ ساڵە توانی فڕۆکەکە بۆ چوار مەتر ڕابکێشێ، ناوبراو گوتویەتی سەرەتا بۆ دە چرکە توانی هەناسەدانیشم نەما، دواتر تەکانێکم پێداو ڕامکێشا، بەڵام چونکە تایەی گیرەری هەیە زۆر لە ڕاکێشانی ئۆتۆمۆبیل زەحمەتترە.

سینگ بەڕێوەبەری کۆمپانیایێکی بەریتانیایە پێشتر پاسێکی گەورەی بە تاڵە مووەکانی ڕاکێشاوە، تەنێکی ٨٥ کیلۆیی بە گوێچکەکانی بەرز کردۆتەوە و کتێبخانەیەکی گەڕۆکی هەشت تۆنی بەدەست گوازتۆتەوە .

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی – یانەی قەڵەم- سابوونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com